لەبلاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# (15) بەشی تەلاق

## ( 1 ) ئەو پیاوەی لەکاتی (بێنوێژی)دا ژنەکەی تەلاق دەدات

829ـ عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ ( t ) طَلَّقَ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ، فَسَأَلَ عُمَرُ النَّبِيَّ ( e ) فَأَمَرَهُ أَنْ يَرْجِعَهَا ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً أُخْرَى، ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ يُطَلِّقَهَا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا، فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ يُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ. قَالَ: فَكَانَ ابْنُ عُمَرَ إِذَا سُئِلَ عَنِ الرَّجُلِ يُطَلِّقُ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ يَقُولُ: أَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَهَا وَاحِدَةً أَوِ اثْنَتَيْنِ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) أَمَرَهُ أَنْ يَرْجِعَهَا ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً أُخْرَى، ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ يُطَلِّقَهَا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا. وَأَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَهَا ثَلَاثًا، فَقَدْ عَصَيْتَ رَبَّكَ فِيمَا أَمَرَكَ بِهِ مِنْ طَلَاقِ امْرَأَتِكَ، وَبَانَتْ مِنْكَ. [بخاري/ التفسير/ 4625]

(نافع) دەڵێ: (أبن عمر) ( t ) لەکاتی بێنوێژیـدا ژنەکەی تـەلاق دا. (عمر) پرسـیاری لـە پێغەمبـەر ( e ) کـرد. ئـەویش فـەرمانی پێـدا کـە بیهێنێتـەوە و مۆڵەتێکی تری بدا هەتا دەکەوێتە بێنوێژییەکی‌ترەوە، پاشان لەسەری بوەستێ تاپاك دەبێتـەوە، ئینجا پـێش چوونەلای، تـەلاقی بـدات. ئەمـە ئـەو چـەند ڕۆژە دیاریکراوەیە کە خوای مەزن فەرمانی داوە کە ژنی تێدا تەلاق بدرێت.. بۆیە (أبـن عمـر) ئـەگر پرسـیاری لێبکرایا دەربارەی ئـەو پیـاوەی کەژنەکـەی لـەکاتی بێنوێژیـدا تـەلاق دەدات، دەیـوت: پێغەمبـەر ( e ) فـەرمانی داوە بیهێنێتـەوە و دەرفـەتی بـدات ئەگـەر تـۆ یـەك تـەلاق یـان دوو تـەلاقت داوە پێغەمبـەر ( e ) فەرمانی پێکردووە کە بیگێڕێتەوە و مۆڵەتی بدات هەتا حەیزێکی تر دەبینێ و پاکدەبێتەوە و ئینجا تەلاقی بدات پێش ئەوەی بچێتە لای ، ئەگەر تۆ سێ‌بەسێ تەلاقتـداوە ئـەوە لێـت جیابۆتـەوە و فـەرمانی پەروەردگاریـشت شـکاندووە لـە تەلاقدانی ژنەکەتدا.

830ـ عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: مَكَثْتُ عِشْرِينَ سَنَةً يُحَدِّثُنِي مَنْ لَا أَتَّهِمُ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ ( t ) طَلَّقَ امْرَأَتَهُ ثَلَاثًا وَهِيَ حَائِضٌ، فَأُمِرَ أَنْ يُرَاجِعَهَا، فَجَعَلْتُ لَا أَتَّهِمُهُمْ وَلَا أَعْرِفُ الْحَدِيثَ، حَتَّى لَقِيتُ أَبَا غَلَّابٍ يُونُسَ بْنَ جُبَيْرٍ الْبَاهِلِيَّ، وَكَانَ ذَا ثَبَتٍ، فَحَدَّثَنِي أَنَّهُ سَأَلَ ابْنَ عُمَرَ فَحَدَّثَهُ: أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ تَطْلِيقَةً وَهِيَ حَائِضٌ فَأُمِرَ أَنْ

يَرْجِعَهَا، قَالَ: قُلْتُ: أَفَحُسِبَتْ عَلَيْهِ؟ قَالَ: فَمَهْ، أَوَ إِنْ عَجَزَ وَاسْتَحْمَقَ؟ [بخاري/ الطلاق/ 4958]

(أبن سيرين)دەڵێ: بۆ ماوەی بیست ساڵ کەسێك کە جێی متمانەم بوو بۆی دەگێڕامەوە کە (أبن عمر)( t ) لەکاتی بێنوێژیدا ژنەکەی سێبەسێ تەڵاقدا، فەرمانی پێدرا کە بیگێڕێتەوە، منیش هیچ دوودڵ نەبووم لەوتەکەیان و ئاگام لە فەرموودەکەش نەبوو، تا گەیشتمە (یونس ی کوڕی جبیری باهلی) (أبو غلاب) کە پیاوێکی دەمڕاست بوو، بۆی گێڕامەوە، کە ئەو پرسیاری لە (أبن عمر) کردووە و ئەویش فەرموودەکەی بۆ گێڕاوەتەوە کە ژنەکەی تەڵاقداوە بەیەك تەڵاق لەکاتی بێنوێژیدا، فەرمانی پێکراوە کە بیگێڕێتەوە وتم: ئایا ئەو تەڵاقەی لەسەر حساب کرا؟ وتی: بێدەنگ بە، ئەی بۆنا؟ مەگەر لەبەر ئەوەی کاری ناژیرانەی کرد و نەیتوانیوە چاوەڕێ بکات لەسەرەتای پاکیدا تەڵاقیبدات؟

## ( 2 ) تەڵاقی سێبەسێ لەسەردەمی پێغەمبەردا ( e )

831ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ) قَالَ: كَانَ الطَّلَاقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) وَأَبِي بَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلَافَةِ عُمَرَ ( t ) طَلَاقُ الثَّلَاثِ وَاحِدَةً، فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: إِنَّ النَّاسَ قَدِ اسْتَعْجَلُوا فِي أَمْرٍ قَدْ كَانَتْ لَهُمْ فِيهِ أَنَاةٌ، فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ؟ فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ.

(ابن عباس)( t ) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەر ( e ) و (أبو بكر) ( t ) و دوو ساڵی جێنشینی (عمر)یشدا ( t ) تەڵاقی سێ بەسێ بەیەك تەڵاق دەچوو، (عمر ی کوڕی خطاب) وتی: خەڵکی پەلەیان کرد لەمەسەلەیەکدا کە دەبوا خۆگربونایە تیایدا [دەڵێن چی] ئەگەر بیچەسپێنین لەسەریان؟! ئەوە بوو چەسپاندی بەسەریاندا.

## ( 3 ) ژنی تەڵاق دراو، گەرشووی کردەوە

832ـ عن عَائِشَةَ ( y ): أَنَّ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيَّ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ فَبَتَّ طَلَاقَهَا، فَتَزَوَّجَتْ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ، فَجَاءَتِ النَّبِيَّ ( e ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ تَحْتَ رِفَاعَةَ، فَطَلَّقَهَا آخِرَ ثَلَاثِ تَطْلِيقَاتٍ، فَتَزَوَّجْتُ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ، وَإِنَّهُ وَاللَّهِ مَا مَعَهُ إِلَّا مِثْلُ الْهُدْبَةِ. وَأَخَذَتْ بِهُدْبَةٍ مِنْ جِلْبَابِهَا، قَالَ: فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) ضَاحِكًا، فَقَالَ: ((لَعَلَّكِ تُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ؟ لَا، حَتَّى يَذُوقَ

عُسَيْلَتَك، وَتَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ)). وَأَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ ( t ) جَالِسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ( e )، وَخَالِدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ الْعَاصِ جَالِسٌ بِبَابِ الْحُجْرَةِ لَمْ يُؤْذَنْ لَهُ، قَالَ: فَطَفِقَ خَالِدٌ يُنَادِي: أَبَا بَكْرٍ، أَلَا تَزْجُرُ هَذِهِ عَمَّا تَجْهَرُ بِهِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ( e )؟ [بخاري/ الشهادات/ 2496]

(عائشة)( y ) دەڵێ: (رفاعة القرظي) سێبەسێ ژنەکەی تەڵاقدا، دوای ئەوە، شووی کردەوە بە (عبدالرحمن ی کوڕی الزبیر)، ژنەکە هاتەلای پێغەمبەر ( e )، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) من پێشتر خێزانی (رفاعة)بووم، ئاخرین سێ تەڵاقەی دام، پاشان شووم کرد بە (عبدالرحمن)ی کوڕی (الزبیر)، ئافرەتەکە چمکێکی کراسەکەی خۆی گرت و وتی: سوێندبەخوا کوڕی (الزبیر) لەپیاوەتی کەوتووە و، وەکو ئەم پەڕۆیەوایە، پێغەمبەر ( e ) پێکەنی و فەرمووی: ((پێدەچێ حەز بکەیت بگەڕێیتەوە بۆلای (رفاعة)؟ نەخێر نابێ، نابێ هەتا ئەو چێژ لەتۆ وەردەگرێت و تۆش چێژ لەو وەردەگریت)) لەو کاتەدا (أبوبکر الصدیق)یش ( t ) لە خزمەتیدا دانیشتبوو، (خالدی کوڕی سعدی کوڕی عاص)یش ( t ) لەدەرکی ژورەکەدا بوو، مۆڵەتی نەدرا بێتە ژوورەوە، (ڕاوی)دەڵێ: (خالد) هاواری کرد: ئەرێ (أبو بکر) بۆ هەڵناشاخێیت بەو ژنەدا، کەبەو ڕوهەڵماڵراوییە لەگەڵ پێغەمبەر ( e ) قسە دەکات؟.

## ( 4 ) لەبارەی ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾

833ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ) قَالَ: إِذَا حَرَّمَ الرَّجُلُ عَلَيْهِ امْرَأَتَهُ فَهِيَ يَمِينٌ يُكَفِّرُهَا، لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ ( e ) أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ. [بخاري/ التفسير/ 4627]

(أبن عباس)( t ) دەڵێ: هەرکەسێ ژنەکەی لەخۆی حەرام کرد، ئەوە سوێندەو کەفارەتی بدات، پێغەمبەر ( e ) بۆ ئێوە چاکترین پێشەنگە.

834ـ عَنْ عَائِشَةَ ( y ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) كَانَ يَمْكُثُ عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ فَيَشْرَبُ عِنْدَهَا عَسَلًا، قَالَتْ: فَتَوَاطَيْتُ أَنَا وَحَفْصَةُ: أَنَّ أَيَّتَنَا مَا دَخَلَ عَلَيْهَا النَّبِيُّ ( e ) فَلْتَقُلْ: إِنِّي أَجِدُ مِنْكَ رِيحَ مَغَافِيرَ، أَكَلْتَ مَغَافِيرَ؟ فَدَخَلَ عَلَى إِحْدَاهُمَا فَقَالَتْ ذَلِكَ لَهُ. فَقَالَ: ((بَلْ شَرِبْتُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ، وَلَنْ أَعُودَ لَهُ)). فَنَزَلَ: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿إِنْ تَتُوبَا﴾ لِعَائِشَةَ وَحَفْصَةَ ﴿وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا﴾ [التحريم: 1-3] لِقَوْلِهِ: ((بَلْ شَرِبْتُ عَسَلًا)). [بخاري/ الطلاق/ 4966، 4967]

لـە(عائـشە)ەوە ( y ) دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ( e ) هـەرجارێ لای (زینب)ی کچی (جحش) دەمایەوە هەنگوینی لەلا دەخوارد، عائشە ( t ) دەڵێ: لەگەڵ (حفصە)دا ڕێککەوتم کە پێغەمبەر ( e ) تەشریفی هێنا بۆلای هەرکاممان پێی‌بڵـێین: بـۆنی (مغـافیر)ت لێ‌ـدێت -(مغـافیر) شـیلەیەکی شـیرینی بـۆن ناخۆشە- ئەرێ (مغافیر)ت خواردووە؟ ئەوەبوو پێغەمبـەر ( e ) تەشریفی بـرد بـۆلای یـەکێکیان و ئـەوەی پـێ‌وت. ئـەویش فـەرمووی: ((نـەخێر بـەڵکو لای (زینـب)ی کـچی _جحـش) هـەنگوینم خـواردووە، ئیـدی جـارێکی تـر نـایخۆم)) ئایەت هاتە خوارەوە ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ..﴾ هەتا ئایەتی ﴿إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ﴾ کە ڕووبەڕووی (عائشە) و (حفصة)یە هەروەها ئایەتی: ﴿وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا﴾ [التحريم: 1-3] سەبارەت بە خواردنی هەنگوینەکەیە کە ئەمە واتاکەیەتی: ﴿ئەی پێغەمبەر بۆچی تۆ ئەو شتانە لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردویت، دەتەوێ ڕەزامەندی هاوسەرانت بەدەست بهێنیت؟ لەکاتێکدا خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە. بێگومان ئـەو خوایـە مۆڵـەتی داوە کـەفارەتی سـوێندەکانتان بـدەن، هـەرخوایش پشتیوانتانە و هەر ئەویش زانا و دانایە، کاتێك پێغەمبەر باسێکی گێڕایەوە بۆیـەکێ لـە هاوسـەرانی و هەواڵەکـەی پێـداوخوایش هـەموو شـتێکی بـۆڕوون کـردەوە، هەنـدێکی بـاس کـرد و لەهەنـدێکی خـۆی بـوارد، جـا کاتێك بـۆ ئـەو هاوسەرەی باس کرد، ئەویش پرسی: ئەی پێغەمبەر: کێ ئەم هەواڵەی پێدای، ئەویش وتی: ئەوزاتەی کە هەمیشە زانا و ئاگادارە هەواڵی پێدام﴾.

## ( 5 ) سەرپشك كردنی پیاو بۆ ژنەكەی

835ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ( t ) قَالَ: دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ ( t ) يَسْتَأْذِنُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَوَجَدَ النَّاسَ جُلُوسًا بِبَابِهِ، لَمْ يُؤْذَنْ لِأَحَدٍ مِنْهُمْ. قَالَ: فَأُذِنَ لِأَبِي بَكْرٍ ( t ) فَدَخَلَ، ثُمَّ أَقْبَلَ عُمَرُ ( t ) فَاسْتَأْذَنَ فَأُذِنَ لَهُ، فَوَجَدَ النَّبِيَّ ( e ) جَالِسًا حَوْلَهُ نِسَاؤُهُ وَاجِمًا سَاكِتًا. قَالَ: فَقَالَ: لَأَقُولَنَّ شَيْئًا أُضْحِكُ النَّبِيَّ ( e ). فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ رَأَيْتَ بِنْتَ خَارِجَةَ سَأَلَتْنِي النَّفَقَةَ، فَقُمْتُ إِلَيْهَا فَوَجَأْتُ عُنُقَهَا. فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) وَقَالَ: ((هُنَّ حَوْلِي كَمَا تَرَى يَسْأَلْنَنِي النَّفَقَةَ)). فَقَامَ أَبُو بَكْرٍ إِلَى عَائِشَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا، فَقَامَ عُمَرُ إِلَى حَفْصَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا، كِلَاهُمَا يَقُولُ: تَسْأَلْنَ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) مَا لَيْسَ عِنْدَهُ؟ فَقُلْنَ: وَاللَّهِ لَا نَسْأَلُ رَسُولَ اللَّهِ ( e )

شَيْئًا أَبَدًا لَيْسَ عِنْدَهُ، ثُمَّ اعْتَزَلَهُنَّ شَهْرًا أَوْ تِسْعًا وَعِشْرِينَ، ثُمَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب: 28–29]. قَالَ: فَبَدَأَ بِعَائِشَةَ فَقَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَعْرِضَ عَلَيْكِ أَمْرًا، أُحِبُّ أَنْ لَا تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَشِيرِي أَبَوَيْكِ)). قَالَتْ: وَمَا هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَتَلَا عَلَيْهَا الْآيَةَ. قَالَتْ: أَفِيكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَسْتَشِيرُ أَبَوَيَّ؟ بَلْ أَخْتَارُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ لَا تُخْبِرَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِكَ بِالَّذِي قُلْتُ. قَالَ: ((لَا تَسْأَلُنِي امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ إِلَّا أَخْبَرْتُهَا، إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَبْعَثْنِي مُعَنِّتًا وَلَا مُتَعَنِّتًا، وَلَكِنْ بَعَثَنِي مُعَلِّمًا مُيَسِّرًا)).

(جابری)کوڕی (عبدالله)( t ) دەڵێ: (أبو بكر ( t ) هات مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە لە پێغەمبەری خوا وەرگرێت، بینی کۆمەڵێ خەڵك لەبەر دەرگاکەیدا دانیشتون و مۆڵەت بە کەسیان نەدراوە، مۆڵەتی دابە (أبوبکر)( t ) چووە ژوورەوە، پاشان (عمر)( t ) هات، داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی بەویشدا، بینی وا پێغەمبەر ( e ) مات و بێدەنگ دانیشتووە و خێزانەکانی بەدەوری‌دان، عمر وتی: ئێستا شتێك دەڵێم پێغەمبەر دەهێنمە پێکەنین، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ( e ): گەر چاوت لێبوایە کچەکەی خارجە [کە خێزانی بووە] داوای خەرجی لێکردم، منیش بۆی هەستام و میرازێکی باشم کرد، پێغەمبەری خوا ( e ) دەستی کرد بە پێکەنین و فەرموی: ((ئەوەتا ئەوانیش بە چواردەورمدا دانیشتوون و داوای خەرجیم لێدەکەن)). (أبو بکر)( t ) هەستا بۆ (عائشە)، (عمر)یش ( t ) هەستا بۆ (حفصە) لێی‌بدات، هەردووکیان بەدەم تووڕەبوونەوە دەیانووت: داوای خەرجی لە پێغەمبەر ( e ) دەکەن کە نیەتی؟ ئەوانیش وتیان: واللهی قەت داوای شتێکی لێناکەین کە نەیبێت، پاشان پێغەمبەر ( e ) بۆ ماوەی مانگێك یان (29)ڕۆژ لێیان دوورکەوتەوە، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ئەمە واتاکەیەتی: ﴿ئەی پێغەمبەر بە هاوسەرەکانت بڵێ: ئەگەر ئێوە تەنها ژیانی دنیا و ڕازاوەییەکەیتان دەوێت وەرن با هەندێکتان پێ‌ببەخشم و پاشان بەشێوەیەکی جوان ئازادتتان بکەم. خۆ ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەیی و بەهەشتی ئەو جیهانەتان مەبەستە ئەوە خوای میهرەبان پاداشتی زۆر گەورە و بێ‌سنووری بۆ چاکە خوازەکانتان ئامادەکردووە)). ئینجا لە (عائشە)ەوە دەستی پێ‌کرد و فەرمووی: ((عائشە: دەمەوێ شتێك

بخەمە بەردەستت، حەز دەکەم پەلەنەکەیت، تا پرسی دایك و باوك دەکەیت)).
(عائشە) ( y ) وتـی: ئـەو شتە چیـیە ئـەی پێغەمبـەری خـوا ( e )؟ پێغەمبـەریش ئایەتـەکانی بـۆ خوێنـدەوە. (عائشـە)( t ) وتـی: سـەبارەت بـەتۆ پرسـی دایـك و باوکم بکەم؟!! نـەخێر، من خـواو پێغەمبەرەکـەی و ژیـانی ئاخیرەت هەڵدەبـژێرم. داوات لێدەکـەم لـەبارەی ئـەم قەسـەیەی منـەوە هـەواڵ نـەدەیت بـە هـیچ یـەکێ لـە ژنەکانی تر. فەرمووی: ((هەرژنێکیان پرسیارم لێبکـات هـەواڵی دەدەمـێ، خـوای مـەزن منـی نـەناردووە بێزارکـەری خـەڵك بم یـا ببمـە هـۆی ئـەوە خـەڵکی بێـزاری دەربڕێ بەڵکو منی ناردووە مامۆستا و ئاسانکاربم)).

836ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: مَا أُبَالِي خَيَّرْتُ امْرَأَتِي وَاحِدَةً أَوْ مِائَةً أَوْ أَلْفًا، بَعْدَ أَنْ تَخْتَارَنِي، وَلَقَدْ سَأَلْتُ عَائِشَةَ ( y )، فَقَالَتْ: قَدْ خَيَّرَنَا رَسُولُ اللَّهِ ( e )، أَفَكَانَ طَلَاقًا؟ [بخاري/ الطلاق/ 4962– 4963]

(مسروق)( y ) دەڵێ: من باکم نییـە جارێـك یـان سـەدجار یـان هـەزار جـار ژنەکـەم سەپـشك بکـەم، پـاش ئـەوەی کـە مـن هەڵبـژێرێ، چـونکە مـن پرسـیارم کردوە لە (عائشە) ( y ) وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ( e ) ئێمەی سەرپـشك کـرد، ئایا ئەوە تەلاق بوو؟ [مەبەستی ئەوەیە ئەم سەرپشك کردنە بە تـەلاق حیساب ناکرێ].

## ( 6 ) سەبارەت بە ئایەتی ﴿وإن تظاهرا عليه﴾

837ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ ( t ) قَالَ: مَكَثْتُ سَنَةً وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ ( t ) عَنْ آيَةٍ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَسْأَلَهُ هَيْبَةً لَهُ، حَتَّى خَرَجَ حَاجًّا فَخَرَجْتُ مَعَهُ، فَلَمَّا رَجَعَ فَكُنَّا بِبَعْضِ الطَّرِيقِ، عَدَلَ إِلَى الْأَرَاكِ لِحَاجَةٍ لَهُ، فَوَقَفْتُ لَهُ حَتَّى فَرَغَ ثُمَّ سِرْتُ مَعَهُ، فَقُلْتُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، مَنِ اللَّتَانِ تَظَاهَرَتَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e ) مِنْ أَزْوَاجِهِ؟ فَقَالَ: تِلْكَ حَفْصَةُ وَعَائِشَةُ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: وَاللَّهِ إِنْ كُنْتُ لَأُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكَ عَنْ هَذَا مُنْذُ سَنَةٍ، فَمَا أَسْتَطِيعُ هَيْبَةً لَكَ. قَالَ: فَلَا تَفْعَلْ، مَا ظَنَنْتَ أَنَّ عِنْدِي مِنْ عِلْمٍ فَسَلْنِي عَنْهُ، فَإِنْ كُنْتُ أَعْلَمُهُ أَخْبَرْتُكَ، قَالَ: وَقَالَ عُمَرُ: وَاللَّهِ إِنْ كُنَّا فِي الْجَاهِلِيَّةِ مَا نَعُدُّ لِلنِّسَاءِ أَمْرًا، حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِيهِنَّ مَا أَنْزَلَ، وَقَسَمَ لَهُنَّ مَا قَسَمَ، قَالَ: فَبَيْنَمَا أَنَا فِي أَمْرٍ أَأْتَمِرُهُ إِذْ قَالَتْ لِي امْرَأَتِي: لَوْ صَنَعْتَ كَذَا وَكَذَا، فَقُلْتُ لَهَا: وَمَا لَكِ أَنْتِ وَلِمَا هَاهُنَا، وَمَا تَكَلُّفُكِ فِي أَمْرٍ أُرِيدُهُ؟ فَقَالَتْ لِي: عَجَبًا لَكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، مَا تُرِيدُ أَنْ تُرَاجَعَ أَنْتَ، وَإِنَّ ابْنَتَكَ لَتُرَاجِعُ

رَسُولَ اللَّـهِ ( e ) حَتَّـى يَظَـلَّ يَوْمَـهُ غَـضْبَانَ. قَـالَ عُمَـرُ: فَآخُـذُ رِدَائِـي، ثُـمَّ أَخْـرُجُ مَكَانِي حَتَّى أَدْخُلَ عَلَى حَفْصَةَ، فَقُلْتُ لَهَا يَا بُنَيَّةُ إِنَّكِ لَتُرَاجِعِينَ رَسُولَ اللَّـهِ ( e ) حَتَّى يَظَلَّ يَوْمَهُ غَضْبَانَ؟ فَقَالَتْ حَفْصَةُ: وَاللَّهِ إِنَّا لَنُرَاجِعُهُ، فَقُلْتُ: تَعْلَمِينَ أَنِّي أُحَذِّرُكِ عُقُوبَةَ اللَّهِ وَغَضَبَ رَسُولِهِ ( e )، يَا بُنَيَّةُ، لَا يَغُرَّنَّكِ هَذِهِ الَّتِي قَدْ أَعْجَبَهَا حُسْنُهَا، وَحُبُّ رَسُولِ اللَّـهِ ( e ) إِيَّاهَا. ثُـمَّ خَرَجْتُ حَتَّـى أَدْخُـلَ عَلَـى أُمِّ سَـلَمَةَ لِقَرَابَتِي مِنْهَا، فَكَلَّمْتُهَا، فَقَالَتْ لِي أُمُّ سَلَمَةَ: عَجَبًا لَكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، قَدْ دَخَلْتَ فِـي كُـلِّ شَـيْءٍ حَتَّـى تَبْتَغِـيَ أَنْ تَـدْخُلَ بَـيْنَ رَسُـولِ اللَّـهِ ( e ) وَأَزْوَاجِـهِ؟ قَـالَ: فَأَخَذَتْنِي أَخْذًا كَسَرَتْنِي عَنْ بَعْضِ مَا كُنْتُ أَجِدُ، فَخَرَجْتُ مِنْ عِنْدِهَا، وَكَانَ لِي صَاحِبٌ مِنَ الْأَنْصَارِ إِذَا غِبْتُ أَتَانِي بِالْخَبَرِ، وَإِذَا غَابَ كُنْتُ أَنَا آتِيهِ بِالْخَبَرِ، وَنَحْنُ حِينَئِذٍ نَتَخَوَّفُ مَلِكًا مِنْ مُلُوكِ غَسَّانَ، ذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ يُرِيدُ أَنْ يَسِيرَ إِلَيْنَا، فَقَدِ امْتَلَأَتْ صُدُورُنَا مِنْهُ. فَأَتَى صَاحِبِي الْأَنْصَارِيُّ يَدُقُّ الْبَابَ وَقَالَ: افْتَحِ افْتَحْ، فَقُلْتُ: جَاءَ الْغَسَّانِيُّ؟ فَقَالَ: أَشَدُّ مِنْ ذَلِكَ، اعْتَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) أَزْوَاجَهُ. فَقُلْتُ: رَغِمَ أَنْفُ حَفْصَةَ وَعَائِشَةَ، ثُمَّ آخُذُ ثَوْبِي فَأَخْرُجُ حَتَّى جِئْتُ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ ( e ) فِي مَشْرُبَةٍ لَهُ يُرْتَقَى إِلَيْهَا بِعَجَلَةٍ، وَغُلَامٌ لِرَسُولِ اللَّهِ ( e ) أَسْوَدُ عَلَى رَأْسِ الدَّرَجَةِ، فَقُلْتُ: هَذَا عُمَرُ، فَأَذِنَ لِي. قَالَ عُمَرُ: فَقَصَصْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e ) هَذَا الْحَدِيثَ، فَلَمَّا بَلَغْتُ حَدِيثَ أُمِّ سَلَمَةَ تَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ ( e )، وَإِنَّهُ لَعَلَى حَصِيرٍ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ شَيْءٌ، وَتَحْتَ رَأْسِهِ وِسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ حَشْوُهَا لِيفٌ، وَإِنَّ عِنْدَ رِجْلَيْهِ قَرَظًا مَضْبُورًا، وَعِنْدَ رَأْسِهِ أُهُبًا مُعَلَّقَةً، فَرَأَيْتُ أَثَرَ الْحَصِيرِ فِي جَنْبِ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَبَكَيْتُ، فَقَالَ: ((مَا يُبْكِيكَ يا عمر)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ كِسْرَى وَقَيْصَرَ فِيمَا هُمَا فِيهِ، وَأَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَهُمَا الدُّنْيَا وَلَكَ الْآخِرَةُ)). [بخاري/ التفسير/ 4629]

(عبدالله)ی كوڕی (عباس) ( y ) دەڵێ: ماوەی یەك ساڵ دەمویست پرسیار لە (عمر)ی كوڕی (خطاب)( t ) بكەم لەبارەی ئایەتێكەوە كەچی نەمدەوێرا لەبەر ئەوەی سامم دەكرد، هەتا ڕۆژێك چوو بۆ حەج، لەگەڵیدا ڕۆیشتم، كە گەڕایەوە لەڕێگەدا بووین، (عمر)( t ) لایدا بۆ ژێر سێبەری درەختێكی (أراك) بۆ پێویستی خۆی، بەدیاریەوە وەستام هەتا لێ‌بویەوە، پاشان لەگەڵیدا كەوتمە ڕێ، وتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەو دوو هاوسەرەی پێغەمبەر ( e ) كێ بوون كە پشتی یەكتریان گرت بەسەر پێغەمبەردا ( e )؟ وتی: (حفصە) و

(عائشه)بوون پیّم وت: بەخوایەك ساڵە دەمەوێ ئەو پرسیارەت لیّبکەم بەلاّم نەمدەویّرا، عمر وتی: جاریّکی تر وامەکە، هەرچی زانیت من دەیزانم پرسیارم لیّبکە، ئەگەر زانیم وەلاّمت دەدەمەوە. بەڵێ: (عمر)( t ) وتی: بەخوا ئیّمە لەسەردەمی نەفامیدا پلەوپایەمان بۆ ژن دانەدەنا. هەتا ئەوە بوو خودا ئایەتی لەبارەیانەوە ناردە خوارەوە، مافی خۆیانی پیّدان، (عمر) ( t ) دەڵێ: جاریّکیان سەبارەت بە مەسەلەیەك پرسوڕای خۆمم دەکرد، ژنەکەم پیّی ووتم: ئەگەر ئاواو ئاوا بکەیت چۆنە؟ منیش پیّم وت: تۆ چیت داوە لەوەی لە دڵی مندایە؟ هەر چیم لە دڵدا بیّت تۆ چیت لە دەست دیّت؟ ژنەکەم وتی: ئەرێ من سەیرم لە تۆ دێ (أبن خطاب)، تۆ ناتەویّت کەس قسەوباست لەگەڵدا بکات؟ لەکاتیّکدا کە کچەکەت (واتە حفصە) ئەوەندە سەر دەخاتە سەر پیّغەمبەر ( e ) ئەو ڕۆژە تا ئیّوارە توڕەی دەکات، (عمر) دەڵێ: منیش عەباکەم دابەشانمدا و، پاشان ڕۆیشتم هەتا گەیشتمە لای (حفصە) و چوومە ژوورەوە بۆلای، پیّم وت: کچێ! ئەرێ ڕاستە تۆ ئەوەندە قسە لەگەڵ پیّغەمبەردا دەکەیت ( e ) ئەو ڕۆژە تا ئیّوارە توڕەی دەکەیت؟ (حفصە) وتی: بەخوا ئیّمە قسەی زۆری لەڕوودا دەکەین. منیش وتم: وریابە! بەر سزای خوای گەورە و توڕەیی پیّغەمبەرەکەی ( e ) نەکەویت. کچێ" نەکەی بخەڵەتێی بەو ژنەی کەبە جوانی خۆی و خۆشەویستی پیّغەمبەردا ( e ) دەنازێ. پاشان چوومە دەرەوە تا چووم بۆلای (أم سلمة)چونکە خزمی نزیکم بوو، قسەم لەگەڵیدا کرد، (أم سلمة)وتی: (أبن الخطاب)! سەیرم لە تۆدێ: خۆت لە هەموو شتیّکدا هەڵدەقورتیّنی، هەتا گەیشتە ئەوەی بکەویتە نیّوان پیّغەمبەر ( e ) و هاوسەرەکانیشی؟ عمر دەڵێ: ئەوەندە وەلاّمەکەی سەخت بوو، وازم لەهەندێ شتی تریش هیّنا کە بۆی هاتبووم، لای ئەو هاتمە دەرەوە، برادەریّکی ئەنصاریم هەبوو ئەگەر دیار نەبومایە هەواڵی بۆ دەهیّنام، ئەگەر ئەویش دیار نەبوایە من هەواڵم بۆ دەبرد، لەو کاتەشدا مەترسی هیّرشی پادشای غەسانیمان لەسەر بوو، هەواڵمان بۆ هاتبوو کە پیّدەچێ هیّرشی بکاتە سەرمان، لیّی پڕبوبوین.

جاریّکیان ئەو برادەرە ئەنصاریەم تەقەی لەدەرگایماڵەکەم داو وتی: بیکەرەوە.. بیکەرەوە. وتم: ئایا (غەسسانی)ی هات، وتی: نەخیّر، لەوەش خراپتر ڕووی داوە پیّغەمبەری خوا ( e ) لە هاوسەرەکانی دوورکەوتۆتەوە.

وتم: (حفـصـه)و (عائـشه) بـه قوڕاچـن.. پاشـان عەباكـەم دا بەسەرشـانمدا و گەڕامـەوە بۆ ئـەو شـوێنەی لێوەی هـاتبووم.. بینـیم پێغەمبـەر ( e ) لـەژوورێكی بـچووكدا دانیـشتووە كـە بەپلیكانەیـەكی دارخورمـا بـۆی سـەردەكەوتن، خزمەتنكارەكەشی لەسەر پلیكانەكە بوو، وتم: مـن (عمـر)م ڕێگـەی دام چوومە ژوورەوە. (عمـر) دەڵـێ: ئـەو بەسـەرهاتەم بـۆ پێغەمبـەر ( e ) گێڕایـەوە، كـە گەیـشتمە قـسەكەی (أم سـلمة) پێغەمبـەر ( e ) زەردەخەنەیـەكی كـرد، لەسـەر پارچە حەسیرێك دانیشتبوو هیچی تری لەسەر نەبوو، سەرینێكی چەرمی لـەژێر سـەردا بـوو، ناوەكـەی بـە ڕیـشوی دارخورمـا ئـاخنرابوو، لای قاچـی پیرۆزیـەوە هەندێ گـەڵای پێستە خۆشـكردن دانرابوو، لای ژور سەریـشیەوە چەند پارچە پێـستەیەكی خۆشـەنەكراو هەڵواسـرابوو، لا تەنیـشتی پێغەمبـەر ( e ) شـوێنەواری حەسـیرەكەی پێـوە دیـاربوو، منـیش [كـە ئـەوەم دی] گریـام، فـەرمووی: ((عمـر، بۆچـی دەگریـت؟)) وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئـەوە حـاڵی كیـسراو قەیـسەرە ئـەوان لـە چ حاڵێـكدان و، تـۆیش پێغەمبـەری خوایـت، ئـەوە حاڵتە، پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((ئایا ڕازی نابی كە دنیا بۆ ئەوان بێت و قیامەت بۆ تۆ بێت؟)).

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com